بەناوی کوردستانی گەورە!

# تابلۆی زستان ... ح . س . سۆران

شەختە لە شاخ و چۆڵەوە ، لە دەشتی چۆل و هۆڵەوە
بە پڕیرەی سەهۆڵەوە، سەرۆکی شاخەوانە ئەو

ئەلبورز لە نووکی بەرزەوە، لە دوندی بەرزی عەرزەوە
بە تاجی بەفری تەرزەوە ، سەرداری بەفرەوانە ئەو

هەراز لە جێی هەورازەوە ، لە کۆی سیمورغ و رازەوە
بە کۆڵێ بەفری تازەوە، خونکاری ڕێبەندانە ئەو

دەشتی پەموی وەڵاشمە ، لە ژێر بەفر نوقم و گومە
هەتا قومی ، تێدا قومە ، لووسە وەکو هەسانە ئەو

کۆڕی قەل و قۆرینگ و قاز ، لەگەڵ گژەی بارەشی جاز
هەوا ئەلێن بە سۆزی ساز ، ئۆرکێسری عارفانە ئەو

هەتاوی زەردی بێ شەبەق ، بە بێ بزە و بە بێ رەمەق
لە بن هەور ، وەکو تەبەق ، زیوەری ئاسمانە ئەو

هێڵەکی وردی هەوری تاڵ ، بە زەبری قۆڵ و شان و باڵ
کەنوی هەور ئەکا بەتاڵ ، شەنگەر و ئاشەوانە ئەو

زریان لە کێو و یاڵەوە ، بە بارێ ناڵەناڵەوە
بە سەمفۆنی خەیاڵەوە ، سرووشی نەغمەخوانە ئەو

کلیلە بەفری کۆن و نوێ ، لە لانسار و دەم نسێ
لە گۆمی قووڵی بەفر ئەچێ ، هەوێنی بەفرەکانە ئەو

قەتاری کێوی سەر بەتەم ، لەگەڵ فەلەک ئەگەن بەهەم
چون وشتری سپی بەغەم ، بە چەشنی کاروانە ئەو

لق و چڵ و ترۆپی دار ، کە رووتە وەک لەشی هەژار
لەسەریە ، زوقمی بێژومار ، لوستێری دارستانە ئەو

جەلەی ئەسێرە بێوچان ، لە هەڵمەتی کزەی بەیان
ئەکەن مەلە لە ئاسمان ، گۆلاوی کەهکەشانە ئەو

بەرەی سپی زوقمی تەنک ،بزر-بزر ، دەنک- دەنک
وەکو لباد و کەپەنک ، رۆکێشی عەرزی پانە ئەو

جۆگە لە شیو و دۆڵەوە بە قارقارەی سەهۆڵەوە
بە دەممەک و دەهۆڵەوە ، گەرۆکی بێوچانە ئەو

سۆران بە سیحری خامە ەو ، بە سەنعەتی کەلامەوە
بە شێعری پڕپەیامەوە ، وێنەگەری زەمانە ئەو

soransa@hotmail.com